ئەمڕۆ هەینی بوومەلەرزەیەک بە پێوەری 6.3 بەهێز وڵاتی ژاپۆنی هەژاند



کاربەدەستانی ژاپۆن دەڵێن، ئەمڕۆ هەینی بوومەلەرزەیەک بە پێوەری 6.3 بەهێز ناوچەی ئیشیکاوای ڕۆژئاوای وڵاتەکە هەژاند.

ئێن ئێچ کەی دەڵێت هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی تسۆنامی دوای بوومەلەرزەکە دەر نەکراوە.

ڕۆژی هەینی لە سەم، ناوەندی زەویناسی ئەوروپا - دەریای ناوەڕاست ڕایگەیاند، "بوومەلەرزەیەک بە پێوەری 4.3 بەنگلادیشی هەژاند".

ناوەندەکە پێشتر ڕایگەیاند ئەو بوومەلەرزەیەی کە 14 کیلۆمەتر لە باکوری ڕۆژهەڵاتی داکای پایتەختی بەنگلادیش ڕوویدا بە پێوەری 5.2 پلە بووە.

ئاماژەی بەوەشکردووە، بوومەلەرزەکە لە قوڵایی 10 کیلۆمەتر ڕوویداوە.